# ڕێسا یاساییەکانی
## ململانێ چەکدارەکان لەجیهاندا




**خوێندنەوەی: سەلام یار ئەحمەد وەلی**

ناوی کتێب: یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤانە.
ناوی نوسەر: ئەحمەد ئەبولوەفا.
دەزگای وەشاندن: ئەنجومەنی باڵای رۆشنبیری.
ساڵو شوێنی چاپ: قاهیرە ٢٠٠٦.

ئاشکرایە کەیاسای نێودەوڵەتان جەنگی قەدەغە کردووەو بەپێی ماددەکانی ٢/٤ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان جەنگ، وەك ئامرازێك بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان، نابێ هانای بۆ ببرێ‌و لەبەرامبەردا بەپێی ماددەکانی ٢/٣ی پەیماننامەکە دەبێ لایەنە ناکۆکەکان بەشێوەیەکی ئاشتییانە کێشەکانیان چارەسەر بکەن. بەڵام دیارە جەنگ سەرەڕای ئەوەی

کەپەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان قەدەغەی کردووە، هەر روو دەداو لەئەنجامدا کێشەو نەهامەتییەکی زۆر هەم بۆ ئەو کەسانە دروست دەبێ کەبەشدارن لەشەڕەکەدا هەم بۆ ئەو کەسانەی کەبەشدار نین تێیداو بەهۆی ئەمەوە شتێك بەناوی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤانەوە داهات.

یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤانە چەند ڕێسایەك دەگرێتە خۆ بەمەبەستی ئەوەی کەجەنگەکاندا روخساری مرۆڤانەتر وەرگرێ‌و نەهامەتییەکانی تاڕادەیەك کەم بکرێنەوە. ئەم یاسایە جگە لەوەی کە بەناوی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤانەوە ناسراوە، بەچەند ناوێکی تریش ناسراوە وەك یاسای جەنگ یان یاسای ململانێ چەکدارەکان یان ڕێسا یاساییەکانی ململانێ چەکدارەکان بەڵام لەنێو دەستەواژەکاندا زۆرتر دەستەواژەی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤانە بەکار دەهێنرێت.

یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤانە چەند ڕێوشوێنێکی بۆ سەپاندنی روخساری مرۆڤانەتر بەسەر جەنگەکاندا داناوەو لەم بوارەدا هەوڵی ئەوە دەدا کەمەدەنییەکان دوچاری کەمترین نەهامەتی بن لەکاتی ململانێکانداو تەنانەت سەبارەت بەو کەسانەش کەبەشدارن لەململانێکانداو هەوڵی ئەوە دەدا کەمەینەتییەکەیان خەفە بکرێ، بۆیە چەند ڕێسایەکی داناوە بۆ شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ زامداران‌و نەخۆشەکان‌و دیلەکان. جگە لەوە، ئەم یاسایە بایەخ بەوەش دەدا کەزیانی هەمیشەیی‌و گەورە بەژینگەی سروشتی نەکەوێ.

لەم یاسایەدا گورز وەشاند بەمەبەستی تۆقاندن قەدەغە کراوەو هەروەها نابێ شوێنە سیڤیلەکان بۆردومان بکرێن‌و بەشێوەیەکی تایبەت پێویستە لەسەر هەموو لایەنەکان هێرش نەکەنە سەر هەندێ شوێنی وەك بنکە تەندروستییەکان‌و ناوەندە کەلتورییەکان (مۆزەخانە، مزگەوت، کەنیسە...هتد)و ناوچە لەچەکداماڵدراوەکان.

یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤانە پشت ئەستورە بەچەند سەرچاوەیەك لەوانە ڕێساکانی نەریت کەزۆربەیان نوسراو نین. بەڵام لەسەرچاوە نوسراوەکاندا زۆرتر پشت بەچەند سەرچاوەیەکی دیاریکراو دەبەستێ وەك ڕێککەوتننەکانی ساڵانی ١٨٩٩و ١٩٠٧ی لاهای، لێدوانی ساڵی ١٨٦٨ی سان پۆترسبۆرگ تایبەت بەقەدەغەکردنی هەندێ جۆری گوللە تۆپ لەکاتی جەنگدا، پرۆتۆکۆلی ساڵی

١٩٢٥ی ژنێڤ تایبەت بەقەدەغەکردنی گازی ژەهراوی‌و خنکێنەرو ڕێوشوێنی بەکتریالۆژی، ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٣ی تایبەت بەقەدەغەکردنی چەکی بیۆلۆژی، ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٨٠ی تایبەت بەچەکی ئاسایی، ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٩٣ی تایبەت بەچەکی کیمیایی‌و ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٩٧ی ئۆتاوا تایبەت بەقەدەغەکردنی مینی دژ بەتاکەکان. هەروەها هەموو ئەو یاساو پرۆتۆکۆڵانەی لەساڵانی ١٩٤٨و ١٩٤٩و ١٩٥٤و ١٩٧٩ لەژنێف واژۆ کراون بەسەرچاوەیەکی گرنگی ئەو یاسایە دادەندرێن‌و تایبەتن بەچەند بابەتێکی وەك قەدەغەکردنی جینۆسایدو پاراستنی شوێنە سیڤیلەکان‌و شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆش‌و دیلەکاندا.

بەڵام لەبەر ئەوەی ململانێ چەکدارەکان هەر هەمویان ململانێی نێودەوڵەتی نین‌و زۆر جار دەشێ هەندێ ململانێی چەکدار لەناوخۆی دەوڵەتێکی دیاریکراودا روو بدەن، بۆیە یاساکە وای لێ کراوە کەهەموو ململانێ چەکدارەکان بگرێتەوە چ ئەوانەی کە لەنێوان دەوڵەتاندا روو دەدەن‌و چ ئەوانەی کە لەناوخۆی یەك دەوڵەتدا لەئەنجامی کودەتاو شەڕی ناوخۆو شەڕی تایفەگەری‌و ئاینی‌و نژادیدا روو دەدەن.

زۆر وڵات لەکاتی شەڕی ناوخۆدا دوچاری پێشێلکارییەکی زۆری مافی تاکەکان‌و گروپە پارێزراوەکان بۆتەوە، وەك ئەوەی کە لەیۆگسلاڤیای پێشوو رویداوە. بەهۆی ئەمەوە تاوانباران بەپێی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤانە دراونەتە دادگا، لەوانە دادگایی کردنی جەنرال کرستیچ کەتاوانبار کرا بەچەند تاوانێکی وەك جینۆسایدو کوشتن‌و رەفتاری بێ بەزەییانەو نامرۆڤانەو تۆقاندنی سیڤیلەکان لەبۆسنیاو راگواستنیان.

بەگوێرەی یاساکە، چەند گروپێك دیاری کراون کە بەگروپی پارێزراو دەژمێردرێن‌و نابێ لەکاتی ململانێ چەکدارەکاندا هیچ زیانێکیان بەر بکەوێ. ئەو گروپانەش بریتین لەئافرەتان‌و منداڵان‌و تێکۆشەران‌و ئەو کەسانەی کە بەپەرەشوت خۆیان هەڵ دەدەن‌و پەیامبەرە جەنگییەکان (نامەبەر، دانوستانکار...هتد) و پەنابەران‌و خەڵکانی بەشدار نەبوو لەململانێ

چەکدارەکانو بارمتەکان. سەبارەت بەکەسانی بی سەروشوێنیش، یاساکە ئەوەی سەپاندووە کەدەبێ لایەنەکان بەدوایانـدا بگـەڕێنو بیاندۆزنـەوە. جگـە لەوانـە هەندێ گروپی تر هەیە کـە بـەپارێزراو دەژمێـردرێن وەك کارمەنـدانی تیمـە پزیشکییەکانو تیمە تەکنیکییەکان کە لەگـەڵ هێـزە چـەکدارەکان دان بـەڵام بەشداری لەشەڕدا ناکەن.

لەبەرامبەردا، یاساکە پەیوەندیی بەهەندێ گروپەوە نیەو خۆی بـەپارێزەریان نازانـێ لەوانـە گروپـی سـیخوڕەکان کەتەنانـەت لـەکاتی گرتنیـان بـەدیل ناژمێردرێن، هەروەها جاشەکان کەمافی ئەوەیان نیە بەجـەنگاوەر یـان بـەدیل بژمێردرێن. بـەپێی یاسـا، جاشـەکان ئـەو کەسـانەن کەبەشـداری لـەململانێ چەکدارییەکاندا دەکەنو ئامانجی سەرەکییان بەدەستهێنانی قـازانجی ماددییـەو لەبنەڕەتدا ئەندامی هێزە چەکدارە فەرمییەکانی هیچ لایەکی ململانێکە نـینو نیشتەجێی ئەو شوێنە نین کەلایەنێکی ململانێکە دەستی بەسەردا گرتووە.

یاساکە چەند ڕێسایەکی داناوەو بەهۆیەوە قەدەغەی کردووە هێـرش بکرێتـە سەر هەندێ شوێن لەوانە هێرش کردنە سەر ناوچە کشـتوکاڵییەکانو کانیـاوو پڕۆژەکانی ئاودێریو وێستگەکانی ئاوی خواردنەوە، بەو مەرجەی کەئەو شوێنانە بۆ کاروباری عەسکەری بەکار نەهێنرێنن هـەروەها قەدەغـەی کـردووە هێـرش بکرێتە سەر هەندێ شوێن کەڕەنگە وێران کردنیـان کارەسـاتیان لێ بکەوێتـەوە وەك بەنداوەکانو وێستگەکانی بەرهەم هێنانی کارەبـا کـە بـەوزەی ئـەتۆم کـار دەکەن.

مەبەسـت لەیاسـای نێودەوڵـەتیی مرۆڤانـە، جگـە لەکـەم کردنـەوەی نەهامەتییەکانی جەنگ، ئەوەیە کەلایەنە بەشدارەکانی ململانـێ چـەکدارەکان بەر لەوەی کەهانا بۆ هەر ڕەفتارێکی عەسکەری ببەن، هەڵوەسـتەیەك بکـەنو بیری لێ بکەنەوەو لەئەنجامەکان قوڵ ببنەوەو بەتایبەتی دەبێ زۆرتر بیر لەئەنجامە مرۆییەکان بکەنـەوە بـۆ ئـەوەی بـەهۆی کارەکـەوە هـیچ کارەسـاتێکی گـەورە نەقەومێو خۆیشیان دوچاری سزای یاسایی نەبنەوە.

ئەو کتێبەی لێرە نمایش کراوە، ٢٠٤ لاپەڕەی قەوارە گەورەیەو لەدەروازەیـەكو چوار بەش پێکدێتو سەرجەمی تەوەرەکانی نۆ تەوەرە.